ڕێنووسی کوردی و چەپکێ سەرنج و پیاچوونەوە

● ئەحمەد شێخ مەحمود ●

مرۆڤ هەر لە مێژەوە بۆ ڕاپەڕاندنی مەبەستە جۆراو جۆرەکانی خۆی بیری لە داهێنانی نووسین کردووەتەوە ئەم کارەیش بەگەورەترین و بایەخ دارترین چالاکی دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤ و نەخشەی شارستانێتی دا .

ڕاستی‌یەکی بەڵگە نەویستە، کە نووسین دەورێکی باڵای بووە لە خزمەتی مرۆڤایەتی دا سەبارەت بە گواستنەوەو گەیاندنی بیرو هەست و زانیاری و مێژووی دوورو نزیك و چالاکی‌یەکانی مرۆڤ بۆ نەوەی داهاتوویان. نووسینیش بەچەندان قۆناخ و گۆڕاندا تێپەڕیوە تاگەیشتووەتە ئەم بارودۆخەی ئێستای. پێش هەموو شتێك نووسین بریتی‌یە لە گۆڕینی تاکەی دەنگەکانی زمان ، بۆ هەردەنگەیش نیشانەیەکی تایبەتی دانراوە کە پێی دەوترێت (پیت)، جا هەر نەتەوەیەکیش نیشانەی تایبەتی بۆ تاکەی دەنگەکانی زمانەکەی داناوەو لە سەر ڕێبازێکی گونجاو ڕێنوسێکی بۆ زمانەکەی هێناوەتەدی، کە هەموو نووسەران و ڕووناکبیرانێ پەیرەوی دەکەن و دەست بەرداری نابن.

بەڵام سەرنجێکی سەر پێیی بەزمانەکەماندا هەر زوو بەو ڕاستی‌یە دەگەین کە ئەم مەبەستە بەروونی لە ڕێنووسی کوردی‌دا خۆی نانوێنی و هەر یەکەیش بە پێی بیرکردنەوەو بۆ چوونی خۆی لە جۆرە نوسینێك ئالاوە کە لەگەڵ کەسانی تردا جیاوازە، تەنانەت بەرهەمی نووسەرێك لەگەڵ نووسینێکی پشیوو تریدا جیاوازی‌یان هەیە، دیارە ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانەی لە بواری زمان دا خەریکن نەیان توانیوە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ سەرجەم گیروگرفتەکان بدۆزنەوە و لەم بارەیەوە بۆ چوونیان جیاوازە.

دەستەیەکی زمانەوانەکان باوەڕیان وایە کە ڕێنووسی عەرەبی‌و پیتەکانی بە جۆرێکی تەواو لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی‌دا ناگونجێ‌و هەیشیانە ڕێنووسی (لاتینی) بە لە بارتر دەزانن بۆ زمانەکەمان.

بەڵام وەنەبێ ئەم دوو جۆرە ڕێنووسە هیچ کامێکیان بێ کەلە بەرو ناتە واوی بن و هیچ جۆرێکیان ژمارەی پیتەکانی لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی‌دا یەك نین، بەڵکو هەندێ (پیت) یان پێویستی بەزیاد کردنی نیشانەیەك هەیە بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کە لە یەکەوە نزیکن وەك: پیتی عەربی (ر) لەگەڵ (ڕ) داو بە لاتینی (R) و (R̈) وەیان (ل)ی سووك و (ڵ)ی قورس، بەلاتینی (L) و (L̄) یان (ج) و (چ) بەلاتینی (C) و (Ç) وەیان (ز) و (ژ) بە لاتینی (z) و (Z̧) ...ناد..

لە هەردوولادا پێویستی یان بەنیشانەیەك هەیە بۆ جیاکردنەوەیان، جا ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە بریتی‌یە لەوەی کە ئێستا لە عیراق دا ڕێنووسی عەرەبی چەسپاوەو پەیرەوی دەکرێن، ئاشکرایشە، کە ڕێنووسی هیچ نەتەوەیەك وەکوو خۆی نەماوەتەوەو بەردەوام لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندنی زمان و نەتەوەکەدا ڕێنووسەکەیش هەنگاوی خێرای ناوەو بەرەو گۆڕان ڕۆیشتووە.

ئیمرۆ هەموو چاپەمەنی‌و نووسینەکانمان بەڕێنووسی پیتی عەرەبی‌یەو ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم ڕێنووسە گیروگرفتەکانی چارەسەر نەکرێت، بەڵکو پێویستە کە هەوڵی چالاکانە بدرێت بۆ چارەسەرکردن و بەدی هێنانی ڕێنووسێکی یەکگرتوو کە هەموو کورد بەوشێوەیە بنووسنو دووربێ لە جیاوازی، چونکە نووسین یاسایەکی داهێنانەو دەستکردی مرۆڤە لە بەرئەوە مرۆڤ دەتوانێ کە ناتەواوی‌یەکانی چارەسەربکات.

گەر بە سەرپێی چاوێك بخشێنین بە زمانی ئینگلیزی دا، ئەو زمانەی کە سەدان ساڵە زانایان و شاعیران و ڕووناکبیرانی ئینگلیز دەستیان بە داوێنی‌یەوە گرتووە خزمەتی دەکەن کەچی گەلێ بابەتی سەرنج ڕاکیش دێتە بەر چاو، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونەتە کۆسپ لەگەڵ ڕێنووسی زمانەکەیاندا، ئەوەتا فۆنیمی (ch) لەوشەی (mechanic) و (machine) و (watch) دا

هەریەکەیان دەنگیکی جیاوازیان هەیە، لە یەکەمدا دەنگی (k) واتـا (ك) و لە دووەمـدا دەنگی (ʃ) واتا (ش) و لە سێیەم دا دەنگی (ts) واتـا (چ) دەردەردەکـەوێت هەروەهـا پیتی (g) لەوشـەی (bag) و (orange) دا دوودەنگی جیـاوازیـان هەیە تەنـانـەت پیتەکانی (gh) لەوشەی (enough) دا لە بەرانبەری فۆنیمی (F) دا بەکار دێت کە لە کاتێکدا پیتی تایبەتی (F) هەیە، ئەمە بێجگە لەو پیتانەی کە دەنووسرێن و ناخوێندرێتەوە وەکـو(write , autumn , knife یان دەنگی (θ) (ث) لەگـەڵ دەنگی (ð) (ذ) هەردووکیان لە پیتەکانی (th) دا دەرئەکەون وەك: thin , that

جـ لێرەدا نامەوێ باسەکەم بە نموونەی زمانەکانی‌تر هەناسە سەرێبکەم ئەگینا چەندان نموونەی‌تر لە بەردەستدان نەك هەر لە زمانی ئینگلیزی دا بەڵکو لە رێنووسی زمانەکانی تردا وەك فەرەنسی‌و ئەڵمانی، کە لە زمانە زیندووەکانی جیهانن، لێرەدا ئەم چەنـد نموونەیەم بەو مەبەستە خستە بەرچاو کە ئەم هەموو گیروگرفتانە لە زمان و رێنووسی زمانەکانی تردا هەن و کەچی نەیـان توانیـوە کەلێن لە زمـانـەکـەیـان دا دروست بکەن و بەپێچەوانەوە خاوەنی زمان و رینووسێکی چەسپاون و لەسەر دەستووری زمانێکی ئەدەبی یەککرتوو بەرێوە دەچن وکەسیش بۆی نی‌یـە لە رێبـازی سەرەکی لابـدات کەچی لە زمـانی کوردی‌دا کە چاومان بە (وێ) دەکەوێت لە شێوەی (برگە) یان (بزوێن) دا بەکارێکی دژوار دێتە بەر چاومان و هەوڵ دەدەین بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر، یان فۆنیمی (نگ) لە وشەی (هەنگ) دا کوت وپـر دەڵێین چۆن دوو پیت بۆ فۆنیمێ دا دەنرێت لە کاتێکدا کە ئەمانە گیروگرفتی سەرەکی نین و بەتەنیا بەبالای زمانەکەماندا نەبراوە.

بێگـومـان هەنـدێ کەلێن هەیـە لە رێنـووسی کوردی دا کە پێویستیان بە چارەسەر کردن هەیە کەماوەیەکی دوورو درێژە وەك خۆیان ماونەتەوە کە (دەستەی کورد) لە کۆڕی زانیاری عیراق دا ئەرکی سەرشانێتی‌و بەرپرسیارە لێی،

لە ماوەی دامەزراندنی‌یەوە تاکوو ئێستا چارەسەرێکی ئەوتۆیان بۆ نەدۆزیوەتەوە تەنها چەند تەقەللایەك نەبێت کە ئەویش بەبێ ئاوردانـەوە لێی ماوەتـەوە لێرەیشدا ئەمەوێ پەنجە بۆ دوو چالاکی (دەستەی کورد) لە کۆڕی زانیاری‌دا: راکێشم.

١ ـ دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری لە سەرەتای ساڵانی حەفتابە دواوە لە ساڵی ١٩٧٦دا ویستیان گیرو گرفتی رێنووسی (وو) وە (یی) چارەسەر بکەن و هاتن کەشیدەیان لە سەردانان و بەمـەیش ویـسـتـیـان کە نووسـیـنـی کوردی لە (وو) وە (یی) دەربازبکەن و بەم شێوەیە بنووسرێ (وَ) (یَ) بەلام ئەمەیشیان تاماوەیەك بوو تەنانەت لەدوایی‌دا خۆیشیان لێی پاشگەزبوونەوە .

٢ـ لە ساڵی ١٩٨٧ دا لە ژێر ناوی (رێنووسی کوردی بە پێی بریـارەکانی کوڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد) هەندێ بابەتیان بلاوکردەوە کە ئەم کتێبە پێویستی بە روون کردنەوەو شی‌کردنەوەی زیاتر هەیە .

١ـ لەبـارەی گیروگـرفتی وێنەی دەنگەکانەوە : نووسەرەکەی کارامـانـە دەست نیشـانی وێنـەی دەنگەکانی کردووە بەلام لەباسی (کلۆر کردنی) (د) و (ت) دا دەبوایە باسی کلۆر کردنی (ب) ی فرمـانی داخوازی بکردایە لەکاتی ناسادەیی وشەدا وەکوو :

فرمانی داخوازی	**فرمانی داخوازی لەکاتی کلۆر کردنی(ب)دا**
تێبکۆشە	تێکۆشە
هەڵ بووەشێنە	هەڵوەشێنە
تێبگرە	تێ گرە
هەڵستە	هەڵسە
نیشان بدە	نیشان دە
رابوەستە	راوەستە
دابخە	داخە
رابخە	راخە
لەپێ بکە	لەپێ کە
لەبەربکە	لەبەرکە
هەڵ بفلیقێنە	هەڵ فلیقێنە
دابروخێنە	داروخێنە

تەماشای ئەم دێرە شیعرەیش بکەن هەروا هاتووە.

هەڵسـەتـێـکـۆشـە تاخـوێـنـت گەرمـە
سەرپـۆش فرێـدە، چ وادەی شەرمـە

٢ـ لەبارەی بەکارهێنانی وشەی (ئەم) و (ئەڤ) لەگەڵ دیاردی بۆکراودا (ل .٢) دەڵێت :

ئەگـەر وشەی (رۆ ـ رۆژ) و (شەو) و (ساڵ) بە دوای زەرفی زەمانێ کارێکیان تێدا رووی دابێ ، یاکرابێ ، بەکارهاتن ئەوە

لەگـەڵ (ئەم ، ئەڤ) ە کەیان پێکەوە دەلکێنین وەك (ئەمشەو باران باری) وەلەهەمان لاپەرەدا دەڵێت:

(ئەگەر هاتوو وشەی (شەو) (رۆژ) و (ساڵ) مان بەمەبەستی ئەوە بەکـارهێنـا رووداوێ، کارێکی تێـدا کرابێ ئەوە لێکیان جیادەکەینەوە وەك (ئەم ساڵە نەهاتە)

٣ـ لە (ل ٢٢) داو لە بارەی وشەی ناسادەوە دوای ئەوەی باسی وشــەی ناسادە دەکات و چۆنێتی پێکهاتنی روون دەکاتەوە ، باسەکەی ئەوە دەگەیەنێت (ئەگەر وشەیەکی ناسادە بۆ زاراوە یا ناوی ناسراو یا جێی ناسراو تیرەو هۆزی ناسراو بوو، ئەوە وشە ناسادەکە مەودای بەیەکەوە لکاندنیان هەبوو بەیەکیانەوە دەلکێنین وەکوو (دڵشاد) بەڵام ئەگەر وەسفی کەسێ یاشتێ یا ناوی واتــایێــك بوو ئەوا ئەو وشـــە سادانــەی کەوشــەی نا سادەکەیان لێدێتە گۆڕێ لە تەنیشت یەکتردا دەنووسین واتە ئەگەر مەودای لکاندن هەبوو بەیەکیانەوە نالکێنین وەك رەش باو...تاد :ـ

٤ـ لەبارەی گیروگرفتی تێك بەستنی راناوی لکاو (ل ٣٢) دا (باسی گیروگرفتی راناوەکان دەکات لەگەڵ فرمان) داو چۆنێتی پێوەبەستنیان دەڵێت :

(ئەو راناوە لکاوانەی کە لەتەك (فرمان) دا تێك دەبەسترێن لەم شوێنانەی فرمانەکەدا بەدی دەکرێن :

- لەدوای (قەد)ی فرمانەوە .
- لەدوای (رەگ)ی فرمانەوە .
- لە دوای (نیشانە)ی رێژەوە .
- لە دوای (پێشگر) ەوە .

دوای ئەوەی بە درێــژی باسی هەریەکە لەمانە دەکات و وردیـان دەکاتەوە ، لە (ل ٣٦) دا باسی گیروگرفتی تێك ـ بەستنی رانــاوە لکـاوەکـان دەکات لەگەڵ ئامرازی نەفیو نەهی داو لەدوای ئەمانەوە لە (ل ٣٨) دا بەدرێژی باسی گیروگـرفتی ئامرازی (ش) لەتەك (فرمان) دا دەکات و بە درێژی لەسەری نووسیون .

ئینجا لە دواتردا چەند یاسایەکی رێزمانی هێناوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی لکاندنی راناوە لکاوەکان .

لێرەدا دەمــەوێ بپــرسم کە ئایــا رێنووس پەیوەندی بە رێزمانەوە چیە؟ ولە چ زمانێکدا رێنووس لە بە تیشك و رۆشنایی رێزماندا دەردەکەوێت ، بەگوێرەی ئەم وتانەی سەرەوەبێت کەلەکتێبی ناوبــراودا بەرچــاو دەکــەوێت دەبێت نووســەر وچــانێــك بدات لەکـاتی نووسین دا بۆ ئەوەی بیر لەوەبکاتەوە ئایا ئەم وشەیە زاراوەیەیان ناوە ئاوەڵناو یان چ جۆرە فرمانێکە بۆ ئەوەی بتوانێ وشەکانی پێکەوە بلکێنێ یان جیایان بکاتەوە ، یان ئاگاداری

شێـوەی لکـانـدنی رانــاوە لکـاوەکان بێت بە گوێرەی جۆری فرمانەکان .

جا گەر بەم شێــوەیــەبـێـت ئەبێ منــداڵ لە قوتــابخـانــە سەرەتــایـیــەکــانــدا وەیــان لە مەڵبـەندەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری‌دا لە پێش ئەوەی فێری نووسینیان بکەین دەبێت فێری رێزمانیان بکەین .

لێرەیشدا پرسیارێك روومان دەگرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئایا هەمــوو نووســەرێـك ، کە لەلاپەرەی رۆژنامەو گۆڤارەکان دا دەنــووسێ ئاگـایــان لە وجــۆرە بابــەتــە رێزمانی‌یانە هەیە کە لەکتێبـەکەدا هاتووە (ئەری ـ نەرێ فرمانی تێپەرو تێنەپەر ـ فرمــانی رابــوردووی ئیستمــراری فرمــانی رابــوردوو لەگەڵ رانەبوردووی ئینشائی) ئەمانەو هەندێك زاراوەی رێزمانەکە..

گرنــگ لەوەدا چی‌یــە کەوشەی ناسادە بەیەکەوە بلکێن ئەگەر مەودای لکاندن هەبوو وەیان بەجیا بنووسرێن ، ئایا هیچ لە واتا رێـزمــانی یاگـۆرانی ووشــە لە رستــەدا وەیان بە کارهێنانی سینتاکسی‌یەوە دروست دەکات .

ئایا رێزمان (ناو ـ ئاوەڵناو ـ لکاندنی‌راناو) لەیەك جیادەکاتەوە یا شێوەی نووسین ؟

دەمــەوێ ئەوەبخــەمە پێش چاوی خوێنەری بەرێز کە چەند (فــونیم) ێك وشــە دروست دەکـات ، وەچەند وشەیەك لەگەڵ ئامرازەکان دا رستەیەك پێك دێنێ ، وەرستەیش کە گەورەترین و ئاڵۆزترین دانەی زمانە .

ئینجــا بەگــوێــرەی خۆی بەشەکانی ئاخاوتن و رێزمان دێنە کایەوەو جیادەکرێنەوەو دەوترێت ئەوە (ناوە ـ ئاوەڵناوە ـ ئاوە لفرمانە...)و ئەرکەکانیان لە رستەدا روون دەکرێتەوە.

ئەگــەر ئێمــە نووسینی (بــزمــاری) لە عیراق و نووسینی (هیروگلیفي) لە میسر بە سەرەتای نووسین دابنیین ئەمە بێجگە لە نووسینی ئیــدو گرای (وێنــەیی) Idogramy مێــژووەکــەی دەگــەرێتــەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایــین بەڵام رێــزمــان کە

هانووەتە کایەوە بۆ یەکەم جار لە ژێر دەستی یۆنانی‌یەکاندا لە (ئەسکەندەریە) لە سەدەی دووەمی پێش زایین پەیدابووە کە ماوەی نێـوانیـان ۲۹۰۰ ساڵە کە ئەویش نەخشـەیـەك بوو بەشـەکـانی ئاخـاوتنی تێـدا جیـا کردبـووەوە پاش ئەمانیش رۆمـانی‌یـەکـان بەدەستکـاری‌یـەوە لەگـەڵ زمانی لاتینی دا گونجـانیـان و بەئـەوروپادا بلاوبووەوەو شێوەیەکی ساکاری وەرگرت هەتا ساڵانی ناوەراستی سەدەی هەژدەیەم، بەرەبەرە بەرەو فراوانی هات و هەتـا ئەم شێـوەیـەی ئێستای وەرگرت ئەمەیش بەڵگەیەکی تری گەورەیە کەرێزمان پەیوەندی بەرێنووسەوەنی‌یە.

لە (ل ۳۹)دا باسی گیروگـرفتی (و)ی عەتف دەکات و دەڵێت: (واوی عەتف لە نێوان دوو وشە یان دوو دەستەواژەیان دوو رستەدا دێن بۆبەیەکەوە بەستنیان ئینجا.

ـ ئەگـەر لە نێـوان دوو وشــە دا هات واوەکـە لە تەك وشەی پێشوودا دەنووسرێت بەڵام پێوەی نالکێت وەك من و تۆ ـ ئێمەو ئێوە

منیش لێرەدا ئەڵێم کە واوی عەتف بابەتێکە لە رێزمانی عەرەبی دا بەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستی ئاسان کردن و کورت کردنەوە، بەڵام لە زمـانی کوردی دا، ئەو واوی عەتفەی لە عەرەبی دا بەکـار دێت دەبێت بە (ئـامـرازی پەیـوەندی) وەکوو هەموو ئامـرازێکی کە، ئەگەر کەوتە نێوان دوو وشە یان دوو دەستە

واژە، ئەوە دەبێت بە ئامرازی پەیوەندی وە ئەگەر کەوتە نێوان دوو رستــەوە ئەوە جێگـای ئامـرازی لێکدەر دەگرێتەوە ئیتر پێویست ناکات ناوی واوی عەتفی لێ بنرێ.

بەڵام ئەگـەر ئەو (واو)ە کەوتـە نێـوان دوو وشـەی سادەوەو وشەیەکی لێکدراوی پێك هێنائەوە نابێتە ئامرازی عەتف بەڵکو پێی دەوتـرێت (نـاوبـەند) کە هاریکاری دەکات لە دروست کردنی لێکدانی وشەداو ئەم جۆرە مۆرفیمانە پێیان دەوترێت مۆرفیمی پەیوەندی لە لێکدانی وشەداو ئەمەیش تەنیا بریتی نی‌یە لە (واو) بەڵکو چەند ناو بەندێکی‌تر هەن بۆ لێکدانی وشە وەك:

ە = بەردە نوێژ ا و = رەنگاو رەنگ

و = لەرزو تا ان = بەرانبەر

ە و = شارەو شار بە = گوڵبەدەم

لێرەدا ئەتوانم بڵێم ئەوەی کەلێن بوو لە کتێبی ناو براودا بە پێی توانا خستمانە روو، بەڵام ئەوەی دەبێ بوترێ کە ئەم کتێبەی کۆر لە ساڵی ۱۹۸۷دا دەرچووەو هەتا ئێستا چ نووسەرێك یا دەستگایەکی رۆشنبیری پەیرەوی کردووە؟ ئایا ئەمەش هەر بە چەشنی نووسراوەکـەی‌تـر (رێنـووسی کوردی) ساڵی ۱۹۷٦ نووسراوێکی نووستووی بێ پەیرەوی کەر دەبێت؟ ئەی کەواتە ئەم هەوڵ و تەقەللایانە بۆ! پۆکێ! لەبەرچی!...

لە کۆتایی ئەم باسەدا حەز ئەکەم بە پێی تواناو بۆ چوونی خۆم هەندێ خاڵ دەستنیشان بکەم بە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەم ئاڵۆزی‌یە.

۱ ـ ئەم ئەرکە بە تەنیا بەند نی‌یە لە سەر کۆری زانیاری چونکە گەلێ کەس هەن لە کۆر دوورن و بریارەکانی کۆر ناسەلمێنن و خۆیان بەبسپۆری زمان دەزانن و بیرو رای تایبەتی‌یان هەیە و تەنانەت هەندێکیان لەو باوەرەن کە (ئەوەی لە زار دێتە دەرەوە بنووسرێت) کە ئەمە بە پێچەوانەی بریارەکانی (کۆر)ە وەیە لە کلۆر کردنی هەندێ پیت دا کە پێویستە بنوسرێت وەکوو (ت ، د) کلۆر جا بەم پێیە واپێویست دەکات کە ئەم کارە بەتەنیا کاری دەستەی کورد نەبێت و بەڵکو بریاری زۆربەی شارەزایان و زمانەوانەکان بێت.. نەك بەپێشنیازو بانگەواز بەڵکو بەنووسین و بە ئامـادە کردنی کۆنگـرەیـەکی فراوان بەو مەبەستەی کە هەموو لایەك بەشداری تێدا بکەن و بریاری کۆتایی بدرێ‌و لە دوایيدا ئەو بریارانە ببنە دەستوورێکی بنەرەتی بۆ رێنووسی کوردی و هەمـوو چاپـەمـەنی و دەستگـا رۆشنبیری‌یەکان و بەرنامەو کتێبی قوتابخانەکان پەیرەوی بکەن

۲ ـ باشتـر وایـە کە رێزمان تێکەڵ بە رێنووس نەکرێ پێش ئەوەی کۆتایی بەم نووسینە بهێنم دەمەوێ ئەو راستی‌یە بخەمە بەر چاو کە ئەم سەرنجانەی لەم نووسینەدا هاتووە تەنیا باری سەرنجی تایبـەتی خۆمـەو پێـویستـە لە لایەن شارەزایان و پسپۆرانەوە ئاوری لێ بدرێتەوەو باری سەرنج و بیاچوونەوەی تری بەباڵا ببررێ و بەمەیش خزمەتێکی بچووکی زمانەکەمان دەکەین و شادومانیشم بەهەموو رەخنەو سەرنجێکی خزمەت گوزارانە.